ڕێبازی توێژینەوەی زانستی

وانەی چوارەم

- یەکەم : تیۆری
  - پێناسە
  - تایبەتمەندی
- دووەم : چەمکی توێژینەوەی زانستی
  - پێناسە
  - تایبەتمەندی
- سێیەم : فەلسەفەی توێژینەوەی زانستی
  - سروشتی مرۆڤ
  - وەڵام دانەوە بە پێداویستیە گرینگەکان
- چوارەم : بازنەی زانراوەکان و نەزانراوەکانی مرۆڤ .

**یەکەم : تیۆری :-**

بریتیە لە کۆمەڵێك پێناسە و چەمك ئەو بابەتانەی کە ڕووداوەکان ڕوون دەکەنەوە و شیکردنەوەی بۆ دەکەن و پەیوەندی نێوان بگۆڕەکان دیاری دەکەن لەبەر ئەمە ئامانجی تیۆری ڕوونکردنەوە و شیکردنەوە و پێشبینی ڕووداوە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتیەکانە .

- به نسبەت ڕۆڵ و گرنگی تیۆرییەکان لە زانست دەڵێن: " تیۆریەکان وەکو داوێکن کە بۆ ڕاوکردنی ڕاستیەکانی جیهان دانراون " ، هەروەها زۆر بە کورتی دەڵێن : " تیۆری دڵی زانستە ".

تیۆری چەند تایبەتمەندییەکی هەیە لەوانە :

١. ناوەڕۆکی ڕووداوەکان یان پەیوەندی نێوان بگۆڕەکان ڕوون دەکاتەوە .
٢. توانای پێشبینی و بینینی داهاتووی هەیە .
٣. تیـۆری نابێـت دژی ئـەو تیۆریانـە بێـت کـە پێشـتر سـەلمێنراون کەواتـە دەبێت لەگەڵ ڕاستیەکان و زانستی پێشتر بگونجێت .
٤. تیۆری دەبێـت توانـای ڕوونکردنـەوەی ڕاسـتیەکانی بـە ئاسـانترین شـێوە هەبێت. تیۆریەك کە لە چەند گریمانەیەکی ئاسان پێك هاتبێ زۆر باشـترە لە تیۆریەك کە لە چەندین گریمانە پێك هاتووە بەڵام تێگەیپشتنی ئـاڵۆزە .

**دووەم : چەمکی توێژینەوەی زانستی :-**

هـەتا ڕادەیـەکی زۆر هـەموو مرۆڤـەکان بـۆ دۆزینـەوەی وەڵامـی پرسـیارەکانیان بـە شێوەیەکی بەردەوام لە گەڕاندان لەبەر ئەمـە دەتـوانین بڵێـین کـە هـەموو مرۆڤـەکان خـەریکی ئەنجامـدانی توێژینـەوەن بـەڵام ئەمانـە لـە توێژینـەوەکانیان دا شـێوازێکی زانستی ناگرنە بەر هەروەها لە توێژینەوەکانیان دا زانیاریەك بـە زانیاریـەکانی پێشـوو زیاد ناکەن لەبەر ئەمە دەتوانین بڵێین توێژینەوە دوو مانـای هەیـە ، مانایـەکی گشـتی کە بریتیە لە گەڕان بە شوێن وەڵامی پرسیارەکان بەڵام توێژینەوە مانایـەکی تایبـەتی هەیــە کــە مەبەســتی ئێمەیــە. توێژینــەوە لــە مانــا تایبەتیەکــەی دەبێــت چەنــد تایبەتمەندییەکی هەبێت لەوانە :

١. بەکارهێنانی شێوازێکی تایبەت :

بەو مانایەی کـە ئەنجامـدانی توێژینـەوەی زانسـتی شـێوازی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە. لێـرەدا تـوێژەر دەبێـت ئـەو بابەتـەی کـە بـۆ توێژینـەوە هـەڵبژاردووە هەڵسەنگاندنێکی تەواوی بۆ بکات و پلانێکی بۆ دابڕێژێت کە ئەم پلانە کێشـە و

گرفت و گریمانە و شێوازی کۆکردنەوەی زانیاریەکان لە خۆ دەگرێت پاشان توێژەر هەڵدەستێت بە کۆکردنەوە و نوسین و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکەی .

2. پەرەپێدانی چوارچێوەی زانستی مرۆڤ :

بەم مانایەی کە توێژینەوەی زانستی دەبێت حەقیقەتێکی نوێ ئاشکرا بکات قەبارەی زانستی مرۆڤ فراوانتر بکات لە ڕاستیدا هەموو توێژینەوەیەك دەبێت نەزانراوێك بکات بە زانراوێك .

3. ئەو دەرەنجامەی کە توێژینەوەی زانستی دەیخاتە ڕوو دەبێت لە جیهانی واقیعدا نمونەیەکی هەبێت :

- بە پێی ئەو شتانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد توێژینەوەی زانستی بریتیە لە :

"هەوڵێکی زانستیانە کە بە شێوازێکی تایبەت و سیستەماتیك و بە ئامانجی ئاشکرا کردنی نەزانراوێك بۆ زانراوێك و پەرەپێدانی چوارچێوەی زانستی مرۆڤ دێت کە ئەم زانیاریە نوێیە دەبێت نمونەیەکی دەرەکی هەبێت ".

**سێیەم : فەلسەفەی توێژینەوەی زانستی :-**

سەرەتا پرسیارێکمان بۆ دروست دەبێت ئەویش ئەمەیە کە لەبەرچی مرۆڤەکان توێژینەوەی زانستی ئەنجام دەدەن ؟ مرۆڤ چ پێویستیەکی بە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی هەیە ؟ .


1. **سرشتی مرۆڤ :**

سرشتی مرۆڤ وایە کە حەز دەکات هەتا ئەو جێگایەی بۆی دەکرێت نهێنی شتەکان ئاشکرا بکات. هەموو ئەو پرسیارانەی کە منداڵەکان لەسەر بابەتە جۆراوجۆرەکان دەیکەن و چاوەڕوانی وەڵامێکی باوەڕپێکراون ئەوەمان بۆ دەردەخات کە مرۆڤ لە ناخەوە بونەوەرێکە کە حەزی بە زانینی ڕاستیەکانە. مرۆڤ دەیەوێت بزانێت کە لە پشتەوە ڕووداوە جۆراوجۆرەکان چ هێز و دەسەڵاتێك وەستاوە و هەروەها پەیوەندی نێوان بگۆڕەکان دیاری بکات .

٢. **وەڵامدانەوە بە پێداویستیە گرینگەکان :**

مرۆڤ بەشێکە لە هەرسێ سیستەمی (یەکەم : کۆمەڵایەتی و سیاسی ، دووەم : ئیکۆلۆجی یان پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ ژینگە ، سێیەم : میتافیزیکی یان سەرەوەی سروشت )، مرۆڤ پێویستی بەوە هەیە کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەم سێ سیستەمە ڕێك بخات، واتا لەگەڵ خودا و جیهانی مەعنا و دووەم لەگەڵ کۆمەڵگا و سێیەم لەگەڵ سروشت ، بۆ ڕێکخستنی ئەم پەیوەندیانەش مرۆڤ پێویستی بە وشیاری و زانیاری هەیە بۆ بەدەستهێنانی وشیاری و زانیاریش مرۆڤ ناچارە کە توێژینەوەی زانستی ئەنجام بدات و لە دەرئەنجامی توێژینەوەکان سوود وەردەگرێت بۆ باشترکردنی ژیانی لە هەموو بوارەکان .

**چوارەم : بازنەی زانراو و نەزانراوەکان :-**




لەم وێنەیەدا سێ شتمان بۆ دەردەکەوێت :

١. بازنەی نەزانراوەکانی مرۆڤ زاڵە بەسەر بازنەی زانراوەکانی ، بەم مانایە کە بازنەی نەزانراوەکانی مرۆڤ پانتاییەکی نادیاری هەیە بە پێچەوانەی پانتایی زانیاریەکانی مرۆڤ کە سنووردارن بەڵام بە تێپەڕ بوونی کات و پەرەسەندنی زانیاریەکانی مرۆڤ بازنەی زانیاریەکانی وردە وردە گەشە دەکات . ئەم وێنەیە ئەو ڕاستیەمان بۆ دەر دەخات کە پەرەسەندنی توێژینەوەی زانستی و دەرخستنی نەزانراوێك بۆ زانراوێك یەك یان چەندین نەزانراوی دیکە دەهێنێتە پێشی مرۆڤایەتی کە ئەم پرۆسەیە پێویستی بە هەوڵدانی مرۆڤ هەیە بۆ دەرخستنی زانیاریەکان لە ڕێگەی توێژینەوەی زانستی .

٢. كاتێك سەیری بازنەی زانراوەکان و نەزانراوەکانی مرۆڤ دەکەین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەرچەندە لە ناوەندی بازنەکان بۆ دەرەوە بڕۆین هەوڵ و تێکۆشانی مرۆڤمان بۆ دەردەکەوێت لە ڕووی زانستیەوە لە سەرەتا هەتاوەکو ئەمڕۆ ، واتا بازنەی ژمارە ١ قۆناغی یەکەمی مەعریفەی زانستی مرۆڤ پێشان دەدات بەڵام بازنەی ژمارە (٥ ) یان کۆتایی باسی زانستی سەردەمی خۆمان دەکات، بێ گومان هەرچەندە بەرەو ناوەندی بازنەکە بگەڕێینەوە قەبارەی زانستی مرۆڤ کەمتر و سنوردارترە بە پێچەوانەی بازنەی ٥ یان کۆتایی کە قەبارەی زانستی مرۆڤایەتی زۆرتر و وردترە .
٣. زانستی مرۆڤایەتی لە سەرەتا تاوەکو ئەمڕۆ دەکرێتە ٣ بەش : ( ١ – زانستی خوداناسی و جیهانی مەعنا ، ٢ – زانستی سروشتی و ماددی ، ٣ – زانستی کۆمەڵایەتی و سیاسی ) .

**ئامانج لە توێژینەوەی زانستی چیە ؟**

١. **هەڵسەنگاندنی تیۆریەکان** : تیۆریەکان سەرچاوەی جۆراوجۆریان هەیە هەندێکیان ئەقڵانین هەندێکیشیان بەرهەمی توێژینەوە زانستیەکانن مادام نمونەی دەرەکیان هەیە دەبێت بخرێنە بەر تاقیکردنەوە تا پشت ڕاست بنەوە و بنەماکانیان پتەوتر بێت ، لەبەر ئەمە بەشێك لە توێژینەوە زانستیەکان بە مەبەستی تاوتوێ کردن و هەڵسەنگاندنی تیۆریەکان ئەنجام دەدرێن .
٢. **خستنەڕووی تیۆریەکی نوێ** : لەوانەیە توێژینەوەیەکی زانستی بە خوێندنەوە بۆ بابەتێکی دیاری کراو دەست پێ بکات یان بە مەبەستی ڕوونکردنەوەی دیاردەیەك یان پەیوەندی نێوان دیاردەکان ئەنجام بدرێت ئەگەر ئەم توێژینەوەیە لە چەند شوێن و کاتێکی دیکەش دا دووبارە کرایەوە و هەمان

دەرئەنجامی لێ کەوتەوە ئەو کات توێژەر دەتوانێت بنـەماکانی توێژینەوەکـەی بنوسێتەوە و وەکو تیۆریەکی نوێ بیخاتە ڕوو .

٣. **بـۆ چارەسـەر کردنـی کێشـەکان** : هەنـدێکی دیکـە لـە توێژینـەوەکان لایـەنی پراکتیکیان هەیە کەواتە مەبەستی ئەم توێژینەوانە چارەسەر کردنی پرس یـان کێشـەیەکە کـە توێژینەوەکـە بـە هۆیـەوە ئـەنجام دراوە. زۆر جـار تاکـەکان و ڕێکخراوەکان توشی گرفتێك دەبنەوە کە بۆ چارەسەر کردنـی ئـەم گرفتانـە ڕوو لە توێژەران دەکەن .